# ئۆتۆمبیلێکی فرۆشت بە پێشنگایەک وپاشان داوای کرد لەهاوڕێیەکی هەمان ئوتۆمبیلی بۆ بکرێتەوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# شخص باع سيارته للمعرض ثم اشتراها منه عن طريق زميله

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# ئۆتۆمبیلێکی فرۆشت به پێشنگایەک وپاشان داوای کرد لەهاوڕێیەکی هەمان ئوتۆمبیلی بۆ بکرێتەوە

**پرسيار** : من ئۆتۆمبیلێکم فرۆشت بەیەکێك لە پیشانگاکانی ئۆتۆمبیل فرۆشتن به پارەیەکی کاش ( حازر ) پاش ئەوە داوام کرد لە برادەرێکی خۆم ئەو ئۆتۆمبیلەی خۆمم بۆ بکڕیتەوە، بە ( قسط ) و بە پارەیەکی زیاتر لەو نرخەی کە خۆم فرۆشتوومە، ئایا ئەم مامەڵەیەی من حەڵاڵە یان حەرامە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو مامەڵەیەی کە باست کردووە لە پرسیارەکەدا دروست نییە، چونکە جۆرێکە لە فێڵکردن بۆ وەرگرتنی سوو ( ربا )، چونکە کاتێك ئۆتۆمبیلەکەت فرۆشتوە بەو پێشانگایە تەنها مەبەست لێی بەدەستهێنانی بڕێك پارە بووە، نەك مەبەست لێی فرۆشتنی

خودی ئۆتۆمبیلکە بێت، وە گەر نا جەنابت جارێکی تر ئەو ئۆتۆمبیلەت نەدەکڕیەوە، بەمەش مەسئەلەکە وای لێ دێت خاوەنداریێتی ئۆتۆمبیلەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆت ئەویش لەڕێگای کڕینی ئەو ئۆتۆمبیلە لەلایەن هاوڕێکەتەوە، پاشان جەنابیشت نرخی ئۆتۆمبیلەکە بە شێوەی (قسط) دەدەیت بە هاوڕێکەت، لەکۆتاییەوە وای لێ دێت کە ئەو پارەیەت لەو کەسە بە قەرز وەرگرتبێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، پاشان گەڕانەوەی بە زیاتر بۆ خاوەن قەرزەکە، ئەمەش وەك ووتمان فێڵکردنە بۆ وەرگرتنی سوو ( ربا ) .

شێخ الإسلام ابن تیمیەش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : « فمتى كان مقصود المتعامل : دراهم بدراهم إلى أجل - فإنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى - ... ، فإنه ربا سواء كان يبيع ثم يبتاع ، أو يبيع ويقرض ، وما أشبه ذلك » [مجموع الفتاوى کەمێك بەدەستکاریەوە (٤٣٢/٢٩ - ٤٣٣) ] واتا : هەرکاتێك مەبەستی ئەو کەسەی کە دەکڕێت یان دەفرۆشێت تەنها گۆڕینەوەی درهەم بە درهەم بێت بۆ ماوەیەك ( ئەوە کاروکردەوەکان بە پێی نیەتەکانە، وە هەموو کەسێکیش ئەو

شتەی بۆ هەیە کە نیەتی بۆ هێناوە ) ئەمەش سوو ( ربا ) یە جا چی بفرۆشێت و پاشان بیکرێتەوە، یان بیفرۆشێت و بەقەرزی وەربگرێت، و هەروەها نمونەی ئەمانە و هاوشێوەکانی ...

بۆیە ئامۆژگاری جەنابت و سەرجەم برایانی تریشمان دەکەین کە دوور بکەونەوە لەوەها مامەلەکردنێك، چونکە ئەم جۆرە مامەڵانە بووە بەهۆی قەرزاربار بوونێکی زۆری هەندێك لەو کەسانە کە ئەم جۆرە مامەڵانە دەکەن، پاشان لە کۆتاییشەوە ئیفلاسیان کردووە و ناچار یان هەڵهاتوون، یان خۆیان کوشتوە.

خوای گەورەش زاناترە .